# ديوانی پرسینەوە

**بابەکر دڕەیی**

هەرکەس جۆرە چاوەڕوانیەکی لەگۆڕانکارییەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە.

ئەوانەی خوازیاری قانونمەندکردنی (ی. ن. ك) ن و دەیانەوێ ژیانی هەموان لەژێر چەتری یاسادا بێ چاوەڕێن هەوڵەکانی چاکسازی زۆرترین وزەو توانایی خۆی لەمەیدانی سەروەری یاسادا وەگەڕبخا.

ئەوانەی خەون بەعەدالەتو یەکسانی حزبیو کۆمەڵایەتی و بنەمای "پاداشتو سزا" وە دەبینن چاوەڕێن سەرەتاکانی عەدالەت کاری پێبکرێو هەرکەسە بەپێی هەوڵو تێکۆشانو پێشینەی حزبیو تواناییەکانی پلەی بۆدیاریبکرێو هەقی بدرێتێ.

خوازیارانی ژیانی هاوچەرخ و مۆدێرن لەخەیاڵی ئەوەدان کۆمەڵگای کوردی بەهۆی چاکسازیەکانی ناو یەکێتی یەوە سزای پێویست بەسەر هەموو ئەوانەدا بسەپێنێ کە نیو سانتیمەتر زیاتر لەمافی خۆیان قاچ درێژدەکەنو دەیانەوێ لێفە لەسەر خەڵکی دی لابەرنو مافی ئەوانی دی لوش دەن.

چینی زەحمەتکێشو کرێکارو خوێندکاریش بەوردی تەماشا دەکەنو چاوەڕێن دووساڵ وتار نوسینو پێکداهاتنو ڕیزبەندیە ڕەواکانی ناو (ی. ن. ك) شتێکی وای لێ بێتە ئاراوە کە ژیانیان خۆشتربکات و هەلومەرجی ساتار پاتارکردنی سامانی میللەت ڕێگری بۆدابنرێو سیستمی خوێندن بکەوێتە بەر چاودێری زیاتری لێپرسراوانەوەو بەکورتی: سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیان "چاك" بکرێتو لە بچوکترین دیاردەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئیداریەوە تا گەورەترین بڕیاری سیاسی لەژێر زەرەبینی چاودێری دەربازی نەبێو خەڵك بەکردەوە حوکمی خۆیان بکەنو دیموکراسیانە بەشداری بڕیارە سیاسیەکان بن.

لەدۆخێکی ئاوادایە کە "دیوانی پرسینەوە" بۆسزادانو پێچینەوە لەگشت ئەندامانی (ی. ن. ك) ولێپرسراوان لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە بڕیاری دامەزراندنی بۆهەموان ڕادەگەیەنرێت.

دامەزراندنی دیوانی پرسینەوەو پشتگیری کردنی ئەم دیوانە لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە بەیەکێك لەهەنگاوە هەرە گرنگو سەرەتاییەکانی پرۆسەی چاکسازی دەژمێردرێت لەکوردستانی عیراق دا.

ئەم دیوانە ئەرکو فەرمانێکی ئێجگار ئاڵۆزو هەمەلایەنەو بەرفراوانی لەبەردەم دایەو ئەگەر مەکتەبی سیاسی بتوانێ لەماوەی دەستبەکاربوونی ئەم دەزگایەدا کاربڕیو جیدیەت لە وردبوونەوەی کێشەکانو چارەسەریان لەخۆ نیشان بدات، بە دڵنیاییەوە دەتوانرێ باس لەسەرکەوتنی یەکێك لەهەنگاوە گرنگەکانی پرۆسەی چاکسازی بکرێت.

چاکسازی پرۆسەیەکی خەیاڵیو فۆرمالیستی نیە. ئامرازی تایبەت بەخۆی گەرەکەو پێویستی بەکاتو ئیرادەی تاکەکەسو گشتیو دامەزراوەیەك هەیە کە لەگەڵ ئامانجە مرۆییو مێژووییەکانیدا بگونجێ. دیوانی پرسینەوە لەهەلومەرجی ئێستای کوردستاندا دەتوانێ باشترینو گونجاوترین ئامرازی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بێ بۆخۆشترکردنی ژیانیانو پاککردنەوەی دەزگا حزبیو حکومیەکان لەکەسانی خۆپەرستو گەندەڵو یاسا شکێن.

چاکسازیو ڕیفۆرمی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەك هەر دیاردەیەکی تری سروشتی و کۆمەڵایەتی، خاوەنی " ڕابوردو"، "ئێستا" و " ئاینده" یە. ڕابوردوی پرۆسەی چاکسازی سەلماندی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پلەیەك لەکامڵبونو عەقلانیەت گەیشتوە کە دەتوانێ لەو مەسەلە هەستیارو گرنگە بەئاسانی تێ بگاتو کاری پێبکات. ئێستاو ئایندەی پرۆسەی چاکسازیش بەستراونەوە بەچۆنیەتی کارپێکردنی جیدیو هەڵسوڕاندنی ئەو نەشتەرەی بەناوی "دیوانی پرسینەوە" وە دروست کراوەو دەیەوێ پارچە بێکەڵكو نەخۆشەکانی لەشی حزب و کۆمەڵگا بەبێ کەمترین ئازار بقرتێنێو فڕێ بدات.